| | | |
|---|---|---|
| زانکۆی سەلاحەدین | تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ | بابەت : کوردۆلۆژی |
| کۆلێژی ئەدەبیات | ( ٢٠١٥- ٢٠١٦ ) | قۆناغ : یەکەم |
| بەش : | | کات :٣کاتژمێر |
| خولی : یەکەم | | |

***پ١ :چوار لەمانەی خوارەوە بناسێنە :***

***زمانی ستاندارد ، فۆنیم، فۆلکلۆر، دیالێکت، زمان ( هنری سوید ) . (١٠ )نمرە***

***پ٢/ئایا پەیدابوونی ئەدەبێکی بەرز لە ناو نەتەوەیەك دەبێتە هۆی دروست بوونی زمانێکی ستاندارد؟چۆن؟باسی بکە . (١٠ ) نمرە .***

***پ ٣ : هۆکارەکانی دروست نەبوونی زمان ستاندارد کامانەن؟باسیان بکە . (٢٠ ) نمر ە***

***پ٤: وەلامی دوولە مانەی خوارەوە بدەرەوە: (٢٠ ) نمرە***

***أ ـ بە چ جۆرە شیعرێك دەگوترێت ڕەنگاوڕەنگ ؟باسی بکە ، بە نموونەوە.***

***ب ـ سنوور و نەخشەی جوگرافی دیالێکتی کرما نجیی ناوەراست دەستنیشان بکە .***

***ج ـ( سیدنی سمیت )چۆن دەڕوانێتە زمانی کوردی؟ باسی بکە .***

***بە هیوای سەرکەوتن***

***مامۆستای بابەت***

***ئەمیر مستۆ محەمەد***

## وەڵامی پرسیارەکانی خولی : یەکەم

۲۰۱۵-۲۰۱٦

پ۱/ زمانی ستاندارد :، زمانی خوێندنە، زمانی دایك نیە، زمانی ئاخاوتن نیە ، زمانی نووسینە، ئەو نەتەوەیەی
ناسنامەی نەتەوەیی لە هەڕەشەدا بێت ، تەنها بە زمانی ستاندارد دەتوانێت بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات ،

فۆنیم: سیمانی جیاکردنەوەی دەنگە کە کاردەکاتە سەر گۆڕینی واتای وشە. نموونە: ڕەنگ، دەنگ، جەنگ

(فۆلکلۆر): کۆمەلێك زانیاری یە کە دەماو دەم پشتاو پشت نەوە لە دوای نەوە دەیدەنە یەکتری، هەموو لایەنێکی کۆمەلایەتی و رامیاری و ڕۆشنبیری لەکەرەستە سەر زاریەکە کۆدەبێتەوە.
ئەدەبی فۆلکلۆر بە هەموو کەلە پوور و سامانی کۆن دەوترێ کە بەدرێژایی مێژوو داهێنراوە ، بەرهەمی خەڵکە و ماوەتەوە.

فۆلکلۆر وشەیەکی لێکدراوە لە وشەی (فۆلك) و(لۆر) پێکهاتووە کە واتای پەندی خەڵك یان چیرۆکی خەڵك دەگەیەنێت ،ئەدەبی فۆلکلۆری بە هەموو کەلە پوور و سامانی کۆن دەگوترێت کە بەدرێژایی مێژوو داهێنراوە و کە بەرهەمی خەڵکە و ماونەتەوە،وەك پاشماوەکانی جلوبەرگ و رایەخ و شتومەك کە داهێنانی باوك و باپیرا نمانە،ئەدەبی سەرزاریش بەشێکە لە فۆلکلۆر کە دەماودەمو پشتاو پشت لەباوکوباپیرا نمان بۆمان گێردراوەتەوە.یەکەم شێوەی ئەدەبە و لەگەڵ پەیدابوونی ئادەمیزاد سەری هەڵداوە،بەرهەمی چینی نەخوێدەوارە، وخاوەنەکەی ناناسرێ و پشتاو پشت گێردراوەتەوەو لەخزمەتی گەلە بۆگەلیش وتراوە و یەکەم شێوی ئەدەب کە دوای پەیدا بوونی ئادەمیزاد سەری هەڵداوە بەرهەمی چینی نەخوێندەوارە.

دیالێکت : دیالێکت: بەو جیاوازییانە دەوترێ کە لە جۆرەکانی یەك زماندا هەیە، کە لە نێوان جۆرەکانی یەك زماندا هەیە.
(هنری سویت) دەڵێت:(زمان هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیر لە ڕێگای دەنگ کە لە وشە پێك دێت

پ۲/بەهۆی پەیدابوونی ئەدەبێکی بەرز لە پاڵ هەستێکی نەتەوایەتی یا رژێمێکی سیاسی کە سەرەتا لە ناوچەیەك دا دەست پێدەکات و بڵاودەبێتەوە ولە هەموو لایەك پەسنددەکرێ ولاسایی دەکرێتەوە لە نووسیندا تاوای لێدێت دەبێتە زمانێکی گشتی ویەکگرتوو

.پ۳/۱-کاتێك زمانی ئاین بە پیرۆزتر بزانێت و زمانی دایك بە پیرۆز نەزانرێت

2-کاتێك قسە پێکەرانی زمانی دایك بکەوێتە ژێر زمانی باڵا دەستەوە وەکو ئەم لایەنانەی خوارەوە:

.(أ- داگیرکراوی: وەکو نەتەوەی کورد زمانەکەی داگیرکراوە لە لایەن (عەرەب ، فارس و تورك
ب-باڵادەستی ڕۆشنبیری و فراوانی بەکارهێنان: وەکو بۆ کوردزمان، واتە لە کوردستان بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی، ئەمەش بە بێ پلان زمانی دایك توشی گرفت و کێشە دەکات.
۳-کارکردنی قسە پێکەران بە ئاراستەی ناوچەگەرایەتی.
٤-کارکردنی قەڵەمی خۆفرۆشناو نەتەوە بە پێی بەرنامە بۆ داڕێژراوبۆ لەناوچوون و پوکانەوەی زمان.
٥-کارکردنی داگیرکەرانی نەتەوەیەك بۆ سوککردنی زمانی دایك لەبەرچاوی قسە پێکەرانی زمانەکە، بەم شێوەیە:
أ-بەفەرمی نەناسینی لە لایەن داگیرکەرەکان لە دام و دەزگاکان و لە خوێندن و ڕاگەیاندندا.

ب-هاندانی خەلك بۆ دوورکەتنەوە لەو زمانەی دایك.

ج. ئاستەنگ دروست کردن بۆ ڕاگەیاندنی ئازاد بەسەرجەم شێوەکان.

٦-کارکردنی بە ئاراستەی سەپاندنی زمانی خۆیان بەسەر زمانی دایك، وەکو گۆڕینی ناوی شوێنەکان.

٧-کاریگەری مۆسیقای داگیرکەر و ڕێ خۆشکردن بۆ ئەو کاریگەرییە

٨-کورد دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و یەکگرتووینەبووە، زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردیش جیایە لە نەتەوەکانی تر، چونکە نەتەوەی کورد بەسەر چەند وڵاتێك دابەش کراوە هەردەم لەبەر هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوە بووە.

پ٤/

أ مولەمەع:

ئەم هونەرە شیعرییە لە نێو زمانەکانی رۆژهەلات باوە و بەو شیعرە دەوترێت کە بە زیاتر لە زمانێك دەنووسرێت لەسەر هەمان کێش و سەروا ، وەك:

یا بدر علوا چیاو و کمالا

الغصن مع الٲصل الی فرعك مالا

تاسونبوولی زوافت لە نیهالی قەدت ئالا

من دوودی هەناسەم گەبیە عالەمی بالا

ما عاد لك البان و لا لینه لینا

اژعد لك الباری حسنا و جمالا

ب: دووەم: دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست:

ئەم دیالێکتە پێنج شێوازی هەیە:

١. موکری: مەڵبەندەکانی (شنۆ، مەراغە، میاندواو، بانە، شلاهین دژ، سەقز، بۆتان زەردەشت).

٢. سۆرانی: مەڵبەندەکانی (هەموو پارێزگای هەولێر و شاری هەولێر و ناو جەرگەی ئەم شێوازەیە).

٣. ئەردەلانی: مەڵبەندەکانی (سنە، بیجار، کەنگەوەر، ڕەوانسە، باکووری ناوچەکانی جوانرۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە باکووری کوردستانیش قەزای قەڵادزێ ـ پشدەر ـ شاری سنە ناو جەرگەی ئەم شێوازەیە.

٤. سلێمانی: شاری سلێمانی مەڵبەندی ئەم شێوازەیە هەموو پارێزگاکە دەگرێتەوە جگە لە قەزای قەڵادزێ.

٥. گەرمیان: ئەم شێوەزارە جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ سلێمانی نیە لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەزارێك دادەنرێ. (کفری، کەلار، توزخورماتوو، قەرەتەپە، شوان) لە باشووری کوردستان دەگرێتەوە.

ج: سیدنی سمیت:مێژوونووسی بەریتانی دەڵێت:لەم چەرخەی دواییدا گۆڕانێکی زۆر گەورە بە سەر تیۆری زانا و لێکۆڵەران لە زمانی کوردیدا هات ،هەروەها دەڵێت (زمانی کوردی نەك هەرلە فارسی وەرنەگیراوە یان دانەتراشراوە،بەڵکو زمانێکی سەربەخۆیە وگۆڕانی ڕاستەقینەی خۆی هەیە.

| | | |
|---|---|---|
| زانكۆی سەلاحەدین | تاقیكردنەوەی كۆتایی ساڵ | بابەت : كوردۆلۆژی |
| كۆلێژی ئەدەبییات | ( ٢٠١٥- ٢٠١٦ ) | قۆناغ: یەكەم |
| بەش: كۆمەڵناسی | | |
| كات:٣كاتژمێر | | خولی: دووەم |

پ١ :چوار لەمانەی خوارەوە بناسێنە :

زمانی نیشتمانی، وتار ،فۆنولۆژی، پەخشانی هونەری، ژیاننامە. (١٠)نمرە

پ٢ : :لە هێلكارێكدا ئاستەكانی زمانی كوردی دەستنیشان بكە و باس لە ئاستی ڕێزمان بكە. (٢٠ ) نمرە

پ ٣ :بۆچی زمانی ستاندارد گرنگە؟باسی بكە. (١٠ ) نمر ە

پ٤: وەلامی دوولە مانەی خوارەوە بدەرەوە:(٢٠ ) نمرە

أ ـ بە چ جۆرە شیعرێك دەگوترێت دوو بەیت؟ بە نموونەوە.

ب ـ سنوور و نەخشەی جوگرافی دیالێكتی كرما نجیی ژووروو دەستنیشان بكە.

ج ـ. چ جیاوزیەك دەبینینت لە نێوان سیمانتیك و پراگماتیك؟

بە هیوای سەركەوتن

مامۆستای بابەت

ئەمیر مستۆ محەمەد

## وەڵامی پرسیارەکانی خولی دووەم

٢٠١٥-٢٠١٦

***پ١ :چوار لەمانەی خوارەوە بناسێنە :***

**ووتار:** نووسینێکی ئەدەبییە لا پەرەیەکی دیاریکراو لە ژیان دەگرێتە خۆی و بابەتێکی تەسکی ژیان لێکدەداتەوە، چەند کەسی، کۆمەڵایەتی، ڕەخنەیی، زانستی :جۆرێکە وەك

**زمانی نیشتمانی :** ، ئەو زمانەیە کە لەسنوری وڵاتێکدا بەکاردێت بۆ ئە نجامدانی سێ ئەرکە گەورەکەی زمان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا

**فۆنۆلۆژی:** ئەو زانستەیە کەلە دەنگەکانی زمانێکی تایبەت دەکۆڵێتەوە و چۆنیەتی ڕیزبوونیان بۆ پێکهێنانی وشە و برگە، بچووکترین دانەی فۆنۆلۆجی فۆنیمە.


***ژیاننامە :*** وەرگێرانی ژیانی مرۆڤێکە لە میانەی خستنەرووی وێنەیەکی راستگۆ و پرشنگداری ژیانی خۆی و کۆمەڵایەتی ، دوو جۆرە :

أ. ژیاننامەی خودی : کە نووسەر تەنها باسی ژیانی خۆی دەکات.

ب. ژیاننامەی بابەتی: نووسەر باسی کەسێکی تر دەکات.

***:پەخشانی هونەری:*** پەخشانی هونەری: سەر بە ئەدەبە لە نووسینی سیاسی یان ئابووری یان هەواڵی رۆژنامە بەکاردێت، لە دارشتندا پوخت و لە بیرو لێکدانەوەدا بەسۆزو هەست بزوێنە، نووسەر قوڵایی دەروونی خۆی دەردەبرێ لە تێروانین و سەرنجی تایبەتی خۆیەوە دەروانێتە ژیان و کۆمەڵ سروشت وەك رۆمان و وتار و شانۆگەری.

***پ٢ : لە هێلکارێکدا ئاستەکانی زمانی کوردی دەستنیشان بکە و باس لە ئاستی دەنگسازی بکە .***




**دەنگسازی:**

ئەو زانستەیە کە لە دەنگ دەکۆڵێتەوە بە شێوەیەکی گشتی لە دوو بەش پێك دێت فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی.

**فۆنەتیك:** ئەو لقە زانستی زمانەیە کە لە کەرەستەکانی زمان پێك هاتووە و لێشیان دەکۆڵێتەوە، کەرەستە خاوەکانی زمان ئەو دەنگەکان بە هێزی بای لە سیەکانەوە هاتوون کە لە ئە نجامی کۆمەڵە جولانەوەیەك کە لە پەردەی ناو پەنچکەوە دەست پێ دەکات قورگ و لووت و سوورێنچك و بەشەکانی زار و لووت بەشداری دەکەن.

**فۆنۆلۆژی:** ئەو زانستەیە کەلە دەنگەکانی زمانێکی تایبەت دەکۆڵێتەوە و چۆنیەتی ڕیزبوونیان بۆ پێکهێنانی وشە و برگە، بچووکترین دانەی فۆنۆلۆجی فۆنیمە.

**فۆنیم:** سیمانی جیاکردنەوەی دەنگە کە کاردەکاتە سەر گۆڕینی واتای وشە. نموونە : ڕەنگ، دەنگ، جەنگ......

**ئەلۆفۆن:**شێوەی دەربڕینی فۆنیمە بە فۆنەتیکی جیاواز. نموونە : غەم ، خەم......

- بریتیە لە شێوەی جیا جیای فۆنیمێك. نموونە : غەم ، خەم.

**ڕێزمان:**

ئەو زانستەیە کە لە پێکهاتەی وشە و ڕستە دەکۆڵێتەوە کەواتە ڕێزمان لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت ( مۆرفۆلۆجی و سینتاکس ).

**مۆرفۆلۆجی:** وەك زانست باسی پێکهاتە و گۆڕانی ووشە دەکات لە زماندا. نموونە : ( گـول + ەکـە + ان ). ( مـۆرفیم و ئەلۆمۆرف ).


**مۆرفیم:** بچووکترین دانانی واتاداری زمان لە فۆنیمێ یان زیاتر پێك دێت دەورێکی لە ڕێزماندا هەیەکە بە گۆڕینەوە و لابردنی هەر فۆنیمێك یان بەلەت کردنی هەر فۆنیمێك ماناکەی لەناو دەچێت.

**ئەلۆمۆرف:** بۆ شێوە جیا جیاکانی مۆرفیمێك بەکاردێت، نموونە :( ەکە ،کە ،ك ،ین،ان ) ،کورەکە،کورەکان،براکان

**سینتاکس:** بریتیە لە لێکدانی کەرەستەکانی زمان بۆ دروست کردنی ڕستە و لە دوو بەش پێك دێت :
( ڕستە وفرێز )

**سیمانتیك:**

- لە دیوی ناوەوەی هێما دەکۆڵێتەوە، واتە پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو بـە واتـایێکی تـر لـە واتـای فەرهەنگی کەرستەکان دەکۆڵێتەوە.
- واتـا سـیمانتیکی واتـایـەکی ئـاسـاییە و ئـەو واتـایـەی لەگـەڵ واقیعـدا دەگونجێ.وەك( هـەموو وشـە فەرهەنگییەکان.......دەگرێتەوە.
- ئەم سێگۆشەیە زمانەوانان دایاننا بۆ واتای سیمانتیکی:




**هێما:** زنجیرە دەنگێکی ڕێکخراوە کە وشە پێك دەهێنێ، بە واتـایەکی تر ئەو نیشانانەن کە مرۆڤ بۆ لەیەکتر گەیشتن یان وە چەقێك بۆ بیرکردنەوە بە کاریان ئەهێنێ.

**بیر:** واتە ناوەڕۆك وەك چەمك و وێنە و بۆچوون ...... تاد.

**تەن:** واتە شتی بەرجەستە لە دەرەوە وەك کەس، شت، ڕووداو......تاد.

**پراگماتیك:** لە پەیوەندی نێوان هێما و بەکارهێنەرەکەی دەکۆڵێتەوە واتـا لێکدانەوەی واتـایە لە دەورەبەری گوتن،واتە ئەو گووتنـانەی بە شـێوەیەکی ناراسـتەوخۆ دەردەبردرێـت .بۆنموونە :ئـەم پیـاوە وەك شـێرە.( لێرەدا مەبەسـت هێـز و ئازایەتی..... )ە.

- ➢ *پ٣/هەستی نەتەوایەتی بۆ یەك بوون و یەك پارچەی گەلی کورد یان نەتەوەی کورد بەگشتی بەهێز دەکات.*
- ➢ *هۆکارێکە بۆ لەیەك نزیك بوونەوەو بەیەکەوە بەستنی دیالێکتەکان، هەروەها هەموو لایەنە کوردیەکان لە یەکتر نزیك دەکاتەوە.*
- ➢ *زمانی ستاندارد هۆکارێکی گرنگە تەنانەت لە هۆکاری ئاینیش لە پێشترە بۆ یەکێتی گەل و خاکی کوردستان.*
- ➢ *یەکێك لە مەرجەکانی نەتەوە ئەوەیە کە خاك و زمان و قسە پێکەرانی هەبێت.هەموو نەتەوەیەك بە هۆی زمانەوە دەناسرێت.*
- ➢ *ئەگەر زمان هەبێت نەتەوەش دەبێت، بەلەناوچوونی زمان نەتەوەش لە ناودەچێت، چونکە نەتەوە نییە لە جیهان زمانی نەبێت.*
- ➢ *هەموو نەتەوەکانی جیهان بە پلەی یەکەم بە زمانەوە دەناسرێن.*

➢ *زمان لە هەموو کۆشك و قەلاکان باشترە، زمان لە ناو ناچێت ،بەلام کۆشك و قەلاکان دەڕوخێن.*

پ٤/أ/ دوو بەیت: بریتیە لەو شیعرەی کە تەنیا لە دوو بەیت دارێژراوە واتایەکی تەواویش بە دەستەوە دەدات، دێری یەکەم هەردوو نیوە دێرەکان بە پیتێك سەروادار کراوە، وە دێری دووەمیش نیوەدێری یەکەم جیایە، بەلام نیوە دێری دووەمی هەمان قافیەی نیوە دێرەکانی پێشووی هەیە.

باباتاهیری هەمەدانی شیعرەکانی بەم شێوەیە نووسیوە:

بەهارئایەدت بەهەرشاخی گولی بی

بیٚ هەرباغی هەزاران بولبولی بی

بەهەر مەرزی نەیارەم پانە هادەن

مەبادا ئەز مە بەتەر سوتیٚ دلی بی

ب: *دیالێکتی سەروو:*

*ئەم دیالێکتە لە هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی فراوانترە، چونکە کوردەکانی کوردستانی تورکیا (بایەزید، وان، جولەمێرگ، سێرت، موشی، ماردین، دیاربەکر، خارکوك، ئەدیان، خازیان، بەشەکانی خۆرهەلاتی پارێزگای مەرعەش و بەشەکانی باشووری پارێزگای ئەرزوروم و قارسی) هەمووی بەم دیالێکتە ئەدوێن.*

*هەروەها رۆژئاوای ئەرمەنستان و ڕوسیا و باکووری سوریا و دانیشتوانی پارێزگای دهۆك و قەزاکانی مێرگەسور و ئاکریٚ و ئامێدی و شێخان و شەنگال لە کوردستانی عێراق بەم دیالێکتە ئەدوێن.*

ج : چ جیاوازیەك دەبنیت لە نێوان سیمانتیك و پراگماتیك:

. واتای سیمانتیکی واتایکی فەرهەنگییە، لە ژێر کاریگەری کۆمەلگادایە دەبیٚ ڕکەوتنی کۆمەلی لە سەر بێت

.واتای پراگماتیکی ئەو واتایەیە کە لە دەوروبەر وەردەگیرێت،واتایکی گۆڕاوە بە پێی کەسەکان

.واتای سیمانتیکی واتا وەك چەمك وەردەگرێت

.واتای پراگماتیکی واتا وەك مەبەست وەردەگرێت

.واتای سیمانتیکی واتاکەی چەسپاوە

.واتای پراگماتیکی واتاکەی دەگۆڕێت

.واتای سیمانتیکی واتاکەی پابەندی یاسا وبنەما ڕیزمانیەکانە کە لە کۆمەلٚ وەردەگیرێت

.واتای پراگماتیکی واتاکەی پابەندی بنەمایە و یاساکان دەبەزێنێت

.واتای سیمانتیکی واتاکەی ڕاستەوخۆیە

.واتای پراگماتیکی واتاکەی ناڕاستەوخۆیە

.واتای سیمانتیکی واتاکە پابەندی توانستە

.واتای پراگماتیکی واتاکە پابەندی چالاکییە

.واتای سیمانتیکی واتایکی ئاساییە

.واتای پراگماتیکی واتایکی نائاساییە

| | | |
|---|---|---|
| زانکۆی سەلاحەدین | تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ | بابەت : کوردۆلۆژی |
| کۆلێژی ئەدەبییات | ( ٢٠١٥- ٢٠١٦ ) | قۆناغ: یەکەم |
| بەش: شوێنەوار | | |
| کات:٣کاتژمێر | | خولی: دووەم |

***پ١ :چوار لەمانەی خوارەوە بناسێنە :***

***زمانی فەرمی،ژیاننامە ،مۆرفولۆجی، پەخشانی زانستی، فۆلکلۆر. (١٠)نمرە***

***پ٢ : :لە هێلکارێکدا ئاستەکانی زمانی کوردی دەستنیشان بکە و باس لە ئاستی دەنگسازی بکە . (٢٠) نمرە***

***پ ٣ جۆرەکانی ئەلفبای زمانی کورد ی بژمێرە و باس لە ئەلفبای ئارامی بکە . (١٠) نمر ە***

***پ٤: وەلامی دوولە مانەی خوارەوە بدەرەوە: (٢٠) نمرە***

***أ ـ بە چ جۆرە شیعرێك دەگوترێت چوارین؟ بە نموونەوە.***

***ب ـ سنوور و نەخشەی جوگرافی دیالێکتی کرما نجیی خواروو دەستنیشان بکە .***

***ج ـ. چ جیاوزیەك دەبینیت لە نێوان هۆنراوە و پەخشان؟***

***بە هیوای سەرکەوتن***

***مامۆستای بابەت***

***ئەمیر مستۆ محەمەد***

| | | |
|---|---|---|
| زانکۆی سەلاحەدین | تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ | بابەت: کوردۆلۆژی |
| کۆلێژی ئەدەبییات | ( ٢٠١٥- ٢٠١٦ ) | قۆناغ: یەکەم |
| بەش: فەلسەفە | | |
| کات:٣کاتژمێر | | خولی: دووەم |

پ١ :چوار لەمانەی خوارەوە بناسێنە :

کوردۆلۆجی ،زمان ،ئەلۆفۆن،غەزەل،دیالێکت. (١٠)نمرە

پ٢ : :لە هێلکارێکدا ئاستەکانی زمانی کوردی دەستنیشان بکە و باس لە ئاستی واتاسازی بکە. (٢٠) نمرە

پ٣ جۆرەکانی ئەلفبای زمانی کوردی بژمێرە و باس لە ئەلفبای لاتینی بکە. (١٠) نمرە

پ٤: وەلامی دوولە مانەی خوارەوە بدەرەوە: (٢٠) نمرە

أ ـ بە چ جۆرە شیعرێک دەگوترێت قەسیدە؟ بە نموونەوە.

ب ـ سنوور و نەخشەی جوگرافی دیالێکتی کرمانجیی گۆران دەستنیشان بکە.

ج ـ. لیرخ چۆن دەروانێتە زمانی کوردی ؟باسی بکە.

بە هیوای سەرکەوتن

مامۆستای بابەت

ئەمیر مستۆ محەمەد